گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 1976-1991

**پ.د. محمد کاکە سور**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

makakasur@yahoo.com

**ڕێگر بەهادین شەریف**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Hogr.bahadin@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٢/١٠/١٠

پەسەندکردن:٢٠٢٢/١٢/١

بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Media, Insat, Printing House, Kurdistan Democratic Party, Archive

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.25

## پوختە

ماوەی ساڵانی 1976-1991 ماوەیەکی گرنگە لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەت بەهۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان، لەم قۆناغەدا بارتەقایی گرنگی خەباتی شۆڕشگێڕی، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی گرنگی خۆی بینیوە، ئەم قۆناغە گەلێك ڕووداوی مێژوویی لە خۆی دەگرێت، ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم قۆناغە ڕەنگدانەوەیەکی قوڵیان لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پارتی بەجێهێشتووە، دەکرێت بڵاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو قۆناغە پشتی پێببەسترێت.

ئەم توێژینەوە لە دەروازەیەك و سێ تەوەر پێکدێت، لە دەروازەکەدا تیشکمان خستووەتە سەر دامەزراوەی ڕاگەیاندن کە لە پاش ساڵی 1979 وە خۆی لە بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبینێتەوە، هەروەها لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە چاپخانەی خەبات کردووە کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چاپ کردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی پارتی بینیوە، سەرەڕای ئەمانەش چەندین کتێب و نامیلکەیان چاپکردووە. تەوەری دووەم تایبەتە بە هۆبەی ئینصات، ئینصات لەم قۆناغەدا بایەخێکی تایبەتی هەبووە بۆ چاودێری کردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاگەیاندنە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان، بە وردی باسمان لەم هۆبەیە و کارەکانی کردووە. هەروەها تەوەری سێیەم تایبەتە بە ئەرشیف وکتێبخانەی پارتی و کارەکانی، گرنگی هۆبەکە و ئەو کەسانەی کە لەم هۆبەیەدا کاریان کردووە، خستوومانەتە ڕوو.

## پێشەکی

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کارا و گرنگی لە کایەی سیاسیدا هەیە ، بە تایبەت ئەگەر بێت و لە قۆناغێکدا بێت هاوشێوەی ئەو قۆناغەی گەلی کورد و شۆڕشەکەی تێدا بوو. لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، بارودۆخی نوێی گۆڕەپانی خەباتی شۆڕشگێڕی لە باشووری کوردستان پێویستی بە ڕاگەیاندنێکی بەهێز هەبوو، تاکو بتوانێت گەلی کورد هۆشیار بکاتەوە و هانی بدات بۆ بەردەوام بوون لە خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیدا. ڕاگەیاندنی پارتی ڕەنگدانەوەی بیروو بۆچوونی پارتەکەیەتی، بۆیە دەکرێت، سەرەڕای تێگەیشتن لە باروودۆخی سیاسی و سەربازی کوردستان، لە بیروو بۆچوونەکانی پارتی تێبگەین دەربارەی ئەو دۆخە تازەیەی کە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلولو لە کوردستان هاتبووە ئاراوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە باسی چەند لایەنێکی کاری ڕاگەیاندن دەکات لای پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر کاری لەسەر نەکراوە، دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەمین توێژینەوەی مێژووییە لەسەر ڕاگەیاندنی پارتی دەکرێت، لە بارەی ماوەی ساڵانی 1976-1991.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، لە دەرەوازەکەدا باس لە بەشی ڕاگەیاندن لای پارتی دیموکراتی کوردستان و قۆناغی سەرەتایی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان کراوە، بە شێوەیەکی گشتی باس لەو قۆناغە مێژووییانە کراوە کە ئەم بەشەی پێدا تێپەڕیوە. لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە چاپخانەی خەبات کردووە، کە ڕۆڵێکی گرنگ و کارای لە نێو ڕاگەیاندنی پارتی بینیوە ، بەو پێیەی زۆرینەی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکانی پارتی لەم چاپخانەیە، چاپ کراون، هاوکات دەیان کتێب نامیلەکەیان چاپ و بڵاوکردووەتەوە. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ (ئینصات) ئەم هۆبەیە، ئەرکی چاودێری کردنی ڕادیۆ و ڕاگەیاندنە جیهانی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوخۆییەکان بووە، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەم قۆناغەدا بەمەبەستی پێدانی بەرچاو ڕوونی بە سەرکردایەتی پارتی لە بارەی ڕووداوە جیهانییەکانەوە. تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ ئەرشیف و کتێبخانە، بەتایبەت ئەرشیف ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پاراستن و دیکۆمێنت کردنی زۆرێك لە بەڵگەنامە و ڕۆژنامەکانی ئەو قۆناغە، بەهەمان شێوە کتێبخانەش دەیان کتێبی تاکو ئێستاش تێدا پارێزراوەوە. لەم توێژینەوەیەدا، دەیان سەرچاوەی جۆراو جۆر بەکار هێنراون، ئەگەر پۆلێنیان بکەین پێویستە سەرەتا لە بەڵگەنامەکانەوە دەستپێك بکەین، چونکە لەم توێژینەوەیەدا چەندین بەڵگەنامەی بڵاو نەکراوەی تێدا بەکار هێنراون کە ئەمە یەکەمین جارە بڵاو دەکرێنەوە، بەڵگەنامەکان دەربارەی بڕیاری دەستبەکار بوون و خەرجییەکان و چەند لایەنێکی دیکەی ئەم قۆناغەی ڕاگەیاندنی پارتین، هەروەها سوود لە کتێبی بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، نووسەری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە کە خۆی کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان بووە، ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەم قۆناغەدا، ئەمە سەرەڕای سوود لە وتاری فەلەکەدین کاکەیی، سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق سالم، وەرگیراوە کە لە ڕۆژنامەکانی خەبات و برایەتی بڵاوکراونەتەوە، ئەم کەسایەتییانە ڕۆڵێکی گرنگییان هەبووە لە ڕاگەیاندنی پارتی، بەرپرسی بوون یان سەرپەرشتی بەشەکەیان کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چاوپێکەوتن کراوە لەگەڵ چەند کەسایەتییەك کە خۆیان بەرپەرسی هۆبەکانی ڕاگەیاندن بوون و ڕۆڵێکی گرنگییان لەم دامەزراوەیەدا بینیوە.

## دەروازە/ بەشی ڕاگەیاندن لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان: لەماوەی ساڵانی 1976-1991

پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری 1975 لە خراپترین دۆخدا بوو، بەهۆی ئەو گوشارە توندەی خرابووە سەری، لە هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسی قەدەغەکرابوو، بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی دەستی بە خەبات کرد، گرنگترین ئامراز بۆ دەستکردنەوە بە خەبات و کۆکردنەوە جەماوەر لە دەوری شۆرش ڕاگەیاندنە، بەڵام وەکو فەلەکەدین کاکەیی دەڵێت: "لەو سەردەمەدا نە ڕۆژنامەمان هەبوو نە ڕادیۆ، نە چاپی بەیاننامە و ئامۆژگاری ئاسان بوو، چیمان بۆ مایەوە تا ئەو پەیامە ڕابگەیەنین، تەنیا یەك ڕێگەمان لە پێش بوو ئەویش گەڕانەوە بوو بۆ سەختترین ڕۆژانی نهێنی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەیاندنی پەیامەکان بە شێوەی زارەکی، من و کۆمەڵێك هەڤاڵ کەوتینە ناو جەرگەی ئەو جۆرە پرو پاگەندە ڕاگەیاندنە زارەکییە و چەندین تیمی بچووك پێکهاتن بۆ گەڕان بە ناو پەنابەراندا و گەڕاینەوە بۆ زەمانی ئاماژە و هێما و چپە چپ. هەر بۆیە دەڵێم پارتی یەك دوو مانگ دوای شکستی ئادار، هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی دەستپێکرد، بە شێوەیەك تا ڕاپەڕین بەردەوام بوو". (کاکەیی،2015: 38) وەکو دەردەکەوێت ڕاگەیاندن لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان وەکو پێویست نەبووە ئەمەش بەهۆی نەبوونی ئیمکانیاتی پێویست و ئەو دۆخە خراپەی شۆڕشی تێدابووە. (بارزانی،2021: 121)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەردەکەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندنی بە ئامرازێکی کاریگەر بینیوە، هەر بۆیە لە سەرەتای خۆڕێکخستنەوە و دەستپێکردنەوەی خەباتی سیاسی و چەکداری خۆیدا، بە بەیاننامەیەك دەستپێکردنەوەی شۆڕشی لە 10ی کانونی یەکەمی1975 بە ناونیشانی: کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتە و بە دروشمی جەماوەری گەلەکەمان، بارودۆخی نسکۆ ڕەت دەکەینەوە دەستی پێکرد. (بيان الحزب الديمقراطي الكردستاني، القيادة المؤقتة، 1975/12/10.)

لەگەڵ دەسپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵاندا سەرکردایەتی کاتی پارتی هەوڵدەدات چەندین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتانی ئەوروپا ئەنجام بدات و تاکو بە هەموو دنیا بڵێت کە کورد و شۆڕشەکەی لە ناو نەچووە و بەردەوامە لە خەبات. (عبدولڕەحمان، گوڵان، ژمارە75، 1996/6/1، ل8).

هەر پاش هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات لە مانگی ئابی 1976 دەردەکرێت بە ژمارە 527 و دیارە ئەمەش گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەی خەبات و ڕاگەیاندنی پارتی لەلایەن (جەوهەر نامیق سالم)وە سەرپەرشتی دەکرێت تا لە کۆتایی ساڵی 1977 ئەم ئەرکە بە سامی عبدولرەحان دەسپێردرێت. (سالم، خەبات، عدد918، 1999/4/2: 6)

هەروەها لە کۆتاییەکانی ساڵی 1977 ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەکار دەکەوێتەوە، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبێت، هێز و ورەی زیاتر بە پێشمەرگە دەبەخشێت. (عبدولرەحمان، گوڵان، ژمارە75، 1996/6/1: 8).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تا بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندنی پارتی ڕاگەیاندنێکی سەرەتایی بووە لە چوار چێوەی بەشێکدا ڕێکنەخراوە، بەڵام لە پاش بەستنی کونگرەی نۆیەم، بەشی راگەیاندن لە مەکتەبی سیاسی پارتی رێکخرایەوە وەکو لە بەشی شەشەم ماددەی بیست و پێنجی پەیڕەوی پەسەند کراوی کۆنگرەی نۆیەم هاتووە، پارتی ڕۆژنامەی تایبەتی خۆی دەبێت بڵاوکراوەی بەشێوەی خولی و نا خولی دەبێت هەروەها لقەکانیش بۆیان هەیە بڵاوکراوەی خولییان هەبێت بەمەبەستی ڕۆشنبیرکردنی کادیران، سەرجەم بڵاو کراوەکان لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە سەرپەرشتی دەکرێن. (المنهاج و النظام الداخلی، للحزب الدمقراطی الکردستانی- العراق، تشرین الثانی1979: 44)

هەروەها لە ماددەی بیست و حەوتەم دا باس لە ئامانجی بڵاوکراوەکانی پارتی دەکات و دەڵێت:

- ناساندنی گەلی کورد و خەبات و مێژوو تایبەت مەندییە نەتەوەیەکانی
- شیکردنەوە و تەفسیرکردنی ئامانجەکانی پارتی
- دەربڕینی بیروڕای پارتی سەبارەت بەو کێشانەی دێنە بەردەم پارتی و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی.
- هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی کورد لە مەڕ کێشە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی تر و گرنگی دان بە کەرتی کشتوکاڵ و کاری پیشەیی، شیکردنەوەی کێشەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، بە شێوەیەك کە پارتی بتوانێت ڕۆڵی ڕێنمایی کردن بگێڕێت. (المنهاج و النظام الداخلی، للحزب الدمقراطی الکردستانی- العراق، تشرین الثانی1979: 45)

پاش کۆنگرە بەرپرسیارێتی ئەم بەشە بە فەلەکەدین کاکەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی سپێردرا تا ساڵی1989 و بەستنی کۆنگرەی دەیەم، پاشان دووبارە ئەم بەرپرسیارێتییەی وەرگرتەوە تا ناوەڕاستی ساڵی1992. فەلەکەدین کاکەیی بە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی بەشی ڕاگەیاندن بە کرداری بوو بە سەرنووسەری رۆژنامەی (خەبات) و سەرنووسەری بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان و سەرنووسەری ڕادیۆی (دەنگی کوردستانی عێراق)، هەروەها ئاڕاستەکردنی راگەیاندنی پارتی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیمەشق و ئەمریکای باکوور و کەنەدا و ئەوروپا، و ئاڕاستەکردنی ئەو چاپکراوانەی کە بەشی ڕاگەیاندن بڵاوی دەکردەوە، دەتوانین بڵێین بەشی ڕاگەیاندن سەرپەرشتی سەرجەم ڕاگەیاندنەکانی پارتی دەکرد لە ناوەو دەرەوەی کوردستان و سەرجەم لق و نوێنەرایەتییەکانی پارتی. (أحمد، خەبات، عدد:795، 1996/8/25: 4).

بەشی ڕاگەیاندن جگە لە فەلەکەدین کاکەیی کە بەرپرسی بەشەکە بوو چەند ئەندامێکی بەشی هەبوو کە ڕۆڵی کارایان دەگێڕا لە بەڕێوەبردنی بەشەکە لەسەرەتادا ( د.ناسیح غەفور، حەمید سوری) دەبن بە ئەندامی بەشی ڕاگەیاندن، د. ناسح غەفور سەرپەرشتی بەشی کوردی دەکات و حەمید سوری سەرپەرشتی بەشی عەرەبی دەکات، هەروەها بە ماوەیەکی کاتی (هۆشیار زێباری) دەبێت بە ئەندامی بەشی ڕاگەیاندن و جێگری بەرپرسی بەش، هەروەها دواتر مەسعودساڵەیی دەبێت بە ئەندامی بەش.( غەفور،2021/2/13، چاوپێکەوتن) وەکو لە ڕاپۆرتی مەکتەبی سیاسی پارتی دا هاتووە لە پاش کۆنگرەی نۆیەم بەشی ڕاگەیاندن بە باشی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە و دەستخۆشی لە بەرپرسی بەشەکە فەلەکەدین کاکەیی دەکرێت. (زۆربەی ڕاپۆرتی گشتی م.س، بۆ کۆبونەوەی دەوری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، 1981/7/22: 19)

پاش دووبارە ڕێکخستنەوەی بەشی ڕاگەیاندن، بەشەکە لە چەند هۆبەیەك پێك دەهات کە ئەمانەن:

- دەستەی نووسەران: کاری ئەم دەستەیە بریتی بوو لە ئامادەکردن و داڕشتنی دەنگوباس، وتار، نووسینی بەیاننامە و بڵاوکراوە و ڕاگەیەندراوەکانی حزب و پێداچوونەوەیان و دواتر بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەی خەبات زمانحاڵی پارتی و ڕۆژنامەی دەنگوباسی کوردستان و ڕادیۆی دەنگی کوردستان، ئەندامانی دەستەی نووسەران پێکهاتبوون لە ( فەلەکەدین کاکەیی د. ناسیح غەفور، د. ڕزگار، حەمید سوری، مەسعود ساڵەیی، ڕێبوار یەڵدا).( غەفور،2021/2/13، چاوپێکەوتن) هەروەها بۆ ماوەیەکیش فەهمی کاکەیی و بارزانی مەلا خالید دەبن بە ئەندامی دەستەی نووسەران. (بارزانی، 2021: 124)
- ئەرشیف و کتێبخانە: کاری هەڵگرتن و پاراستنی دیکۆمێنت و بڵاوکراوەکان بوو.
- انصات: بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی بووە، دواتر باسی لێوە دەکەین.

چاپخانە: ئەرکی چاپ کردنی بڵاو کراوەکانی پارتی لە ئەستۆدا بوو. ( ڕاپۆرتی بەشی ڕاگەیاندن بۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەرێزی پارتیمان، 1990/12/30.)

بەهۆی گرنگی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەست بوونی کارەکانی بە سەرکردایەتی پارتییەوە، بارەگاکەی بە بەردەوامی لە نزیك بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی بووە، هەربۆیە لە سەرەتادا بارەگای ڕاگەیاندن بە سەرجەم بەشەکانییەوە لە گوندی ڕاژانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە، کاتێك مەکتەبی ساسیی پارتی دەگوازرێتەوە بۆ باشووری کوردستان بە نووسراوێك ئاگاداری بەشی ڕاگەیاندن دەکرێتەوە کە بگەڕێنەوە باشووری کوردستان، بە پێی نووسراوەکە بێت لە 9ی تشرینی دووەمی1984 دەست بە ئامادەکاری کراوە بۆ گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان، لە سەرەتادا دەچنە کێلە شین سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام پاش ماوەیەك دەیگوازنەوە بۆ لۆلان لە ناوچەی برادۆست لە باشووری کوردستان. پاش ساڵێك مانەوە لەو ناوچەیە دیسان دەگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی ڕاژانی ناوچەی مەرگەوەر نیشتەجێ دەبن تاکو هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی بە هاری 1991. (ئەرگوشی 2021/12/15. چاوپێکەوتن)

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەر دەستدان بەشی ڕاگەیاندن لە پاش کۆنگرەی دەیەمی پارتی خاوەنی میزانییەی تایبەتی خۆی بووە، کە مانگانە لە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە بۆی دابین کراوە، بۆ نموونە لە مانگی ئەیلولی1990 بڕی (5100) دینار وەکو میزانیە بۆ بەشی ڕاگەیاندن نێردراوە. (پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی، ژمارە969، 1990/9/3)

وەکو لە نووسراوەکاندا دەردەکەوێت ئەو بڕە پارەیەی کە لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە نێردراون بۆ بەشی ڕاگەیاندن بە نووسراو و دیکۆمێنت خەرج کراون و چۆنیەتی خەرجکردنیان نێردراوەتەوە بۆ بەشی دارایی لە مەکتەبی سیاسی لێرەدا نموونەیەك دەخەینەڕوو، بەمەبەستی دابینکردنی میزانیەی مانگی 11 و 12ی 1990 بەشی دارایی بڕی (10565) دیناری وەکو میزانییە بۆ بەشی ڕاگەیاندن ناردووە، بەشی ڕاگەیاندن بڕی (10,571,800)دیناری خەرج کردووە کە (6) دیناری زیاتر بووە لەو بڕە پارەیەی بۆیان نێردراوە، بۆ ئەو مەبەستە دواتر لەلایەن بەشی داراییەوە ئەو بڕە قەرزەی لەسەریان بووە بۆیان خەرج کراوەتەوە. (پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی، ژمارە1294، 1990/12/27.)

بە پێی ئەو بەڵگەی بەردەستمان کەوتووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی 4ی1990 بڕێکی زۆری ئەم پارەیە وەکو موچەی کارمەندانی بەشی ڕاگەیاندن خەرج کراوە کە ژمارەیان (27) کارمەند بووە، بەسەرجەم هۆبەکانی بەشەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی کارمەندەکان و موچەیان و ئەو برەپارەیەی وەکو نەسریەی بەش دیاری کراوە مانگانە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. (پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی، ژمار366، 1991/4/14.) سەرەڕای ئەوەی بەشی ڕاگەیاندن داهاتی لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە دابین کراوە بەڵام خودی بەشەکە ڕێگەیەك بووە بۆ پەیداکردنی پارە و دابینکردنی داهات، وەکو لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دەیەم هاتووە کە پێویستە نرخی چاپەمەنییە فرۆشراوەکان لەلایەن شانە و ڕێکخراوەکانەوە کۆبکرێتەوە و دواتر دەست بە دەست بگەیەندرێتە بەشی دارایی مەکتەبی سیاسی. (پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، کانونی دووەمی 1990، ل49.)

بەشی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی لە قۆناغی شۆڕشگێڕی گەلی کورددا بینیوە و سەرپەرشتی دەیان بڵاوکراوەی کردووە، لێرەدا هەوڵدەدەین بە تێر و تەسەلی تیشك بخەینە سەر هۆبەکانی ئەم بەشە و کارەکانی.

## تەوەری یەکەم: چاپخانە

چاپخانە بایەخ گرنگی تایبەتی هەبووە لە سەردەمی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلی کورددا چونکە لەو ڕیگەیەوە، سەرجەم ڕۆژنامە و بڵاوکراوە شۆڕشگێڕییەکانی دیکە چاپ دەکران و دواتر بڵاو دەکرانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەر زوو درکی بە گرنگی بوونی چاپخانەی تایبەت بە خۆی کردووە، هەر بۆیە لە ساڵی 1959یەکەم چاپخانە دەکرێت بە ناوی چاپخانەی سەلاحەددین، بەڵام پاش داخستنی ڕۆژنامەی خەبات لە ئاداری 1961 حکومەتی عێراق دەست بەسەر چاپخانەکەدا دەگرێت و لە زیادکردنێکی ئاشکرادا دەیفرۆشێت، پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1961، هەندێك پێداویستی چاپ لە بەغداد بە نهێنی دەکرێت و دەیباتە سلێمانی، یەکەم چاپی ڕۆژنامەی خەباتی دوایی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بەو ئامێرانە ئەنجام دەدەن دیارە ئەمەش گرنگی و بایەخی تایبەتی هەبووە بۆ شۆڕش. (ساڵح، 2007: 33-34)

لە زستانی 1964 سەرکردایەتی پارتی بە هاوکاری ئەحمەد دەشتی و مستەفا ڕابەر ئامێرێکی بچووکی چاپ دەکڕن، ڕۆژنامەی خەباتی پێ چاپ دەکرێت. (شاوەیس، 1998: 57) ئامێرەکە ئامێرێکی سادە بووە لەوانە بووە کە بە دەست و قاچ کاری پێدەکرا، ئەم چاپخانەیە ئەم شوێن و ئەو شوێنی پێدەکرا لە گوندەکانی (سونی، لێوژێ، سوورەبان، مەمی خەلان) تا ڕۆژانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی1975 کاری پێکراوە، بەڵام لە ماوەی گفتوگۆی نێوان حکومەت و پارتی1970-1974ی ، پارتی ئامێرێکی نوێی لاینۆتایپ و چاپێکی ئۆتۆماتیکی پەیدا کردووە، لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی1974دا زۆربەی چاپکراوەکان بەم ئامێرە چاپ کراون. (ئەحمەد، 2005: 80)

هەروەها لە ساڵی 1974 بەمەبەستی گرنگی دانی زیاتر بە چاپ و بلاوکراوەکان مستەفا بارزانی بڕیاری کڕینی نوێترین جۆری چاپخانەی داوە لە جۆری ئۆفسێت کە بە بڕی 150 هەزار دینار کڕدراوە بەڵام بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەسرا دەستی بەسەردا گیراوە.(خەبات، ژمارە:3481، 2010/5/26، ل6 )

دەبێت ئەوە بڵێین سەرجەم ئامێرەکانی چاپخانە لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دا لە ناوچوون بۆیە سەرکردایەتی کاتی هەوڵی بەدەست هێنانی ئامێری نوێی چاپی داوە بۆ ئەم مەبەستە لە هاوینی 1975 ئامێرێکی بچووکی چاپکردنی لە شاری ئورمیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کڕیوە و دواتر هێندراوەتەوە باشووری کوردستان. (حەسەن، 2015: 42)

بەڵام تەنها ئەم ئامێرە بەس نەبووە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان بە تایبەت لەسەروبەندی دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات، پێویستی بە ئامێری ڕۆنیۆ هەبووە بەمەبەستی کۆپیکردن، هەر بۆ ئەو مەبەستە پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ئامێرێکی پێشکەوتووی نوێی رۆنیۆ دەکڕن کە بە کارەبا کاری کردووە، دەیگەیەننە دەستی جەوهەر نامیق سالم، بەڵام بەهۆی درووست بوونی گرفتی کارەبا و ئەو بارودۆخەی کە شۆڕشی تێدابووە داوا دەکەن ئامێرەکەیان بۆ بگۆڕن بە ئامێرێکی کۆنتر و بچووك و ئاسان بەکاربهێنرێ. (سالم، خەبات،عدد918، 1999/4/2: 6)

چاپخانەکە لە ڕووی هونەرییەوە توانایی یەکجار لاواز و سادە بووە، ئەم چاپخانەیە تا ساڵی 1980 بە ناوی (بەشی چاپەمەنییەکانی پارتی و شۆڕش) بووە. (حەسەن، 2015: 42)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاری چاپخانەکە تەنها چاپکردنی ڕۆژنامەی خەبات نەبوو، بەڵکو بۆ دووبارە چاپکردنەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی پارتی کە لە 16ی ئابی 1976 بەسترا، هەروەها ڕێنماییەکانی سەرکردایەتی حزب و چاپکردنی گۆڤاری (مەتین) و کۆمەڵێك نامیلکەی دیکە هەر بەم ئامێرە چاپ کراون. (زێباری، خەبات، عدد918، 1999/4/2: 9)

لە پاش بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی و ڕێکخستنەوەی ڕاگەیاندنی ناوەندی حزب، چاپخانە دەبێت بە هۆبەیەکی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ سەر بە بەشی ڕاگەیاندن بووە، بە پێشنیاری کارمەندانی چاپخانە و بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی لە 1980/4/25 ناوی چاپخانە گۆڕاوە و کراوە بە چاپخانەی(خەبات)، لەسەرەتادا کەسێك بە ناوی (کوردۆ) دەبێت بە بەرپرسی چاپخانە، بەڵام دواتر بە هۆی نەخۆشییەوە دەچێتە دەرەوەی وڵات و لە پاش ئەو عەلی گۆران کە ناسراو بووە بە (بێکەس) دەبێت بەبەرپرسی چاپخانە و وەکو یەکەم بەرپرسی چاپخانە دامەزراوە، ئەویش بۆ ماوەیەك ماوەتەوەو دواتر گواستراوەتەوە بۆ بەشی دارایی مەکتەبی سیاسی پارتی. (سەلیم، خازر، ژمارە37، تەموزی 2010، ل17)

ئەوانەی لەم ماوەیەدا لە چاپخانەدا کاریان کردووە بریتی بوون لە عەلی گۆران وەکو بەڕێوەبەر، تۆفیق سەلیم یاریدەدەری بەڕێوەبەر، عەبدولستار کۆرەمەیی، ئادەم قادر (بێخەوە)، فەیسەڵ کۆرەمارتی (کوردۆ)، هەروەها کەسێکیش وەکوو چاپچی کاری کردووە بە ناوی عەبدوڵلا مشیر(هێمن)، (سەلیم،2022/1/9، چاوپێکەوتن) پاش گواستنەوەی بێکەس لە چاپخانە، لە 1983/11/3 گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردنی چاپخانە ڕوودەدات و بڕیار دەدەرێت (تۆفیق سەلیم) بکرێت بە بەڕێوبەری هونەری چاپخانە و کریستۆڤەر یەڵدا ناسراو بە (ڕێبوار یەڵدا) دەکرێت بە یاریدەدەری بەڕێوبەر، هاوکات هەریەکە لە جان جەبەلی و شاکر عومەر، بەردەوام دەبن لە کارکردن، (پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی، ژ3060، 1983/11/3) .بەڵام لە ماوەی ساڵانی 1984-1986 کۆمەڵێك کارمەندی دیکە بۆ چاپخانە زیاد بوون و کاریانکردووە، لەوانە: محمد ئەلیاس خدر کاری ڕۆنیۆ ڕاکیشانی کردووە، مەفەردین محمد مستەفا، ڕزگار دۆلەمەری، عیماد عەبدولخالق، شاکر عومەر ئاکرەیی، نەزار محمد نەجیب، عمانوئێل نۆشانە ناسراو بە (قەدەلی)، نەزیر سەعید، عەلی موشیر کاکەیی، حوسنی جاسم بریفکانی، زیاتر کاری چاپی کردووە، ئەحمەد قەرەنی نەخشەساز بووە، دژوار فائق، ئیحسان سەلیم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باجلوری، چەند کەسێکی دیکەش وەکو شەعبان تاهیر ناسراو بە (شڤان) و عەبدوڵڵا موشیر خۆشناو ناسراو بە (هێمن) پێشمەرگەی چاپخانە بوون، هەروەها حەمید نەسری خۆشنڤیس، ماوەیەك لە چاپخانە کاری کردووە، یەکێکیش لەوانەی کە بەردەوام هاوکاری چاپخانەی کردووە (یوسف عەبدولقادر) بووە، هەرچەندە کار کردنی خۆی لەبەشی دارایی بووە بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشنووس بووە، هاوکاری چاپخانەی کردووە. (حەسەن، 2015: 44)

چاپخانە ساڵانە لە 4/4/ یادی دامەزراندنی خۆی دەکردەوە، لەلایەن کارمەندەکانییەوە بە گوڵ و شیرینی ئەم یادە بەرز ڕادەگیرا، هەڵبەت ئەم ڕۆژە، ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەباتە لە 1959/4/4بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕۆژنامەکە بەیەکەم بەرهەمی چاپخانەی ناوەندی پارتی خەبات دادەنرێت، بۆیە لەو ڕۆژەدا ساڵیادی دامەزراندنی چاپخانەکە کراوەتەوە. (مەموزینی، مەیتن، ژمارە101، 200دهۆك، ل50)

چاپخانەی خەبات لە پاش ساڵی 1980 وردە وردە پێشکەوتنی بە خۆوە دیتووە، چەندین ئامێری نوێ کڕدراون و بەکارهێنراون لە کارکردندا لەوانە: تایپی ئەلیکترۆنی و فۆتۆکۆپی (استنساخ)، فۆتۆستێنسل و ئامێری کلیپسی کارەبایی و بڕینی کاغەز بە کاغەز بڕی گەورە و ڕۆنیۆ پێشکەوتووەکان و ئامێری (فۆتۆ ستنێنسل ئەلیکترۆنی) ئامێرێکی زۆر وردبین و بووە و بە تایپی ئەلیکترۆنی چاپ دەکران و پاشان بە ئامێری فۆتۆ ستێنسلی ئەلیکترۆنی چاپ دەکرایەوە و پاشان لەسەر ئامێری ڕۆنیۆ دادەنەرا چەندت ویستبا لەسەری چاپ دەکرا و دەتوانرا هەمان ستنیسل بۆ کاتێکی تر هەڵبگیرێ و بپارێزرێت و جارێکی دیکە سوودی لێوەربگیرێت، چونکە ئەم ستێنسلە لە کار نەدەکەوت و هەروەها جۆری ئامێری فۆتۆکۆپی لە هەرە پێشکەوتووەکان بووە، هەر بەهۆی ئەم ئامێرەوە دەکرا بڵاوکراوەکان بچووکتر بکرێنەوە، بە تایبەت بۆ ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار تا بتوانن بە ئاسانی بیشارنەوە، هەروەها تواندراوە نووسینەکان بچووك و گەورە بکرێن بەهۆی زومی ئامێرەکانەوە. (سەلیم، خازر، ژمارە37، تەموزی 2010: 18) بەگشتی ئامێرەکانی چاپخانە لەم ئامێرانە پێکهاتبوون: تایپی چەکوشی، رۆنیۆ، ئۆفسێت بك، فۆتۆ ستینسل ئەلیکترۆنی، تایپ برازەر ئەلیکترۆنی، فاکس و هوری فاکس و دانزا و ئۆدلیر، دەبڵ شاشە، فۆتۆکۆپی شارپ، فاکس و سوپەر فاکس. (مەموزینی مەیتن، ژمارە101، 2000: 50)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بارەی شێوازی کارکردن لە چاپخانە تۆفیق سەلیم دەڵێت: (کارمان لەناو چاپخانە چاپ کردن بوو بە (رۆنیۆ) لەسەر ستێنسل چاپمان دەکرد، دەمانخستە سەر رۆنیۆ و لەسەر رۆنیۆ تەکسیرمان دەکرد، بامان دەدا، یا بە کارەبا یا بە دەست، 3 هەزار نووسخەمان بیویستایە، 3 هەزاری دەردەهێنا، ئەوجا رەزممان دەکرد و حازرمان دەکرد و مەجموعەیەك دادەنیشتین، هەندێ جار دەورەی کادری دەهاتن، دەورەی هەشت یا هەفت بوو، ئەوان زۆر یارمەتی ئێمەیان دا لە رەزم کردنی کتێب و بڵاوکراوەکانی دیکە). بەهۆی ئەو بارودۆخەی شۆڕشی تێدابووە، بەردەوام لە ژێر هێرشی تۆپ و تەیارەی حکومەتی عێراقدا بوون، چاپخانەش وەکو هۆبەکانی دیکەی بەشی ڕاگەیاندن بارەگاکەی چەندین جار گواستراوەتەوە. (سەلیم،2022/1/9، چاوپێکەوتن)

**چاپکراوەکانی چاپخانەی خەبات**

چاپخانەی خەبات ڕۆڵێکی گرنگی لە چاپکردنی بڵاوکراوەکانی پارتی گێراوە بەتایبەت ڕۆژنامەکانی خەبات بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، ڕۆژنامەی دەنگوباسی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، دەنگی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەروەها پسولەکانی تایبەت بە داراییی پارتی و بژاندنە حزبییەکان، ئەمە سەرەڕای سەرجەم بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی پارتی هەر لە ڕێگەی چاپخانەی خەباتەوە چاپ دەکران، جگە لە چاپەمەنییەکانی پارتی تەنانەت چاپی بڵاوکراوەی لایەنەکانی دیکەشیان کردووە، لەوانە کفاح الجبهە، زمانحاڵی بەرەی جود بووە، هەروەها بەرەی کوردستانی کە زمانحاڵی بەرەی کوردستانی بووە، گۆڤاری ئاڵای شۆڕش بڵاوکراوەی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش بووە. (مەموزینی، مەیتن، ژمارە101، 200: 48)

سەرەڕای ئەمانە دەیان کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوەی دیکەی چاپکردووە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر بەشێکیان، دەتوانین ئەم کتێب و بڵاوکراوانە پۆلێن بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1-کتێبە بەڵگەنامەییەکان:** چەندین کتێب و نامیلکە بڵاوکراونەتەوە کە بەڵگەنامەیین و چەندین بەڵگەنامەیان لە خۆگرتووە لەوانە، کتێبی مسيرة العمل الجبهوي للحزب الديمقراطي الكردستاني-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

العراق1975-1988 کە لە نووسینی صابر علی احمد،[1] بە زمانی عەرەبی نووسراوە، لە حوزەیرانی 1988 چاپکراوە بەرگێکی سادەی هەیە و لە بەرگی پشتەوەشی نووسراوە (مطبعة خەبات) قەبارەی کتێبەکە (16×21)و لە 158 لاپەرە پێکهاتووە، لە ناوەرۆکیدا زیاتر باس لە هەوڵەکانی دروستکردنی کاری بەرەیی دەکات لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵێك بەڵگەنامەی لە خۆگرتووە و لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر شیکردنەوە و بیر و بۆچوونی لە بارەیانەوە خستووەتەڕوو. (احمد، 1988 : ب.ل)

بەهەمان شـێوە کتێبێکی دیکەی بەڵگەنامەیی چاپکردووە کە لە بەرگی کتێبەکە لای سـەرەوەی بە زمانی عەرەبی نووسـراوە (وثائق) لە ناوەڕاسـتی بەرگ نووسـراوە الجبهه الكردسـتانية العراقية، ئەمیش بە زمانی عەرەی نووسـراوە، کتێبکە بەڵگەنامەییە، سـەرجەم بەیاننامە و بەرنامەی بەرەی کوردستانی، پەیڕەی ناوخۆی تێدا لە خۆگرتووە، کتێبەکە نووسەری نییە، لە ئایاری 1988 چاپکراوە، قەبارەکەی، (16×21) لە 34لاپەر پێکهاتووە. (وثائق الجبهة الكردستانية العراقية، أيار1988)

بەشی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی داوە ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلی کورددا هاتوون لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەدیکۆمێنت بکات هەر بۆ ئەو مەبەستە سێ کتێبی بەڵگە نامەیی چاپ کردووە کە باس لە کیمیابارانی گوندەکانی کوردستان و کوشت و بڕی خەڵك و لە سێدارەدانی هاوڵاتیانی کورد دەکات، لە ناوەرۆکی کتێبەکاندا دەیان بەڵگە نامەی تیادا بەکارهاتووە، کتێبەکان بەزمانی عەرەبی نووسـراون، لەلایەن چاپخانەی خەباتەوە چاپکراون، کتێبەکانیش بریتین لە: من جرائم القتل العام فی كردستان- العراق عام1987، لە نیسانی 1988بڵاوکراوەتەوە، قەبارەی کتێبەکە (16×21) و لە72 لاپەرە پێکهاتووە، ( من جرائم القتل العام فی كردسـتان- العراق عام1987، نیسـان 1988)

کتێبی دووەم: من جرائم القتل العام فی كردستان- العراق عام1988، کە لە شوباتی 1989 بڵاو کراوەتەوە، قەبارەی کتێبەکە (16×21)و لە 40لاپەڕ پێکهاتووە،( قسم اعلام فی المكتب السياسی للحزب الديمقراطی الكردستانی-العراق، شباط1989) هەروەها کتێبی سێیەم بە ناونیشانی: وثائق عن

[1] صابر علی ئەحمد، ناوی خوازراوی فەلەکەدین کاکەییە کە بە چەند ناوێکی دیکەش نووسین و بڵاوکراوەی هەیە لەوانە ابو پرشنگ، باوەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

محنة شعب كردستان- العراق، لە ئەیلولی 1988بڵاوکراوەتەوە، بە قەبارەی(16×21)و لە22 لاپەڕ پێکهاتووە. (قسم اعلام فی المکتب السیاسی للحزب الدیمقراطی الکردستانی-العراق، ئەیلول1988)

**نامیلکەی ڕێنمایی**: حکومەتی عێراق بەمەبەستی ڕێگریکردن لە چالاکییەکانی پێشمەرگە و هاوکات بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق بەشێکی زۆری ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی مینڕێژ کردبوو، ئەمەش وای کردبوو گیانی پێشمەرگە بکەوێتە مەترسییەوە هەربۆیە لەلایەن مەکتەبی عەسکەری یاخود بەشی ڕاگەیاندن یان ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان چەند نامیلکەیەك ئامادەکراوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کە زانیاری تەواو دەدا لە بارەی جۆری ئەو مینانەی کە چێندراو پێشمەرگە چۆن خۆی لێ بپارێزێت و هاوکات چۆنیەتی پوچەڵکردنەوەیان، ئەم نامیلکانە لەلایەن چاپخانەی خەباتەوە چاپ کراون. چەند نموونەیەك لەم نامیلکانە: نامیلکەی ئەلغام و کەمائنی موتەفەجیرات، نامیلکەکە سالی 1985چاپکراوە، قەبارەکەی (16×21) و لە 35 لاپەڕ پێکهاتووە، کە هەموو لاپەرەکانی بە وێنەی مین و چۆنیەتی پوچەڵکردنەوەی نەخشێندراوە. (ئەلغام و کەمائنی موتەفەجیرات، 1985)بەهەمانشێوەیە نامیلکەیەکی دیکەی قەوارە بچووك چاپکراوە بە زمانی عەرەبی، ناوی ئامادەکار و نووسەری لەسەر نییە، بە ناونیشانی كراسة الألغام و كمائن من المتفجرات، کە لە 32لاپەرە پێکهاتووە و قەبارەکەی (16×21) ساڵی 1984 چاپکراوە، بەرگەگەی بە وێنەی چەند مینێك نەخشێنراوە، هەروەها لەبەرگی پشتەوەشی نووسراوە کە لە چاپخانەی خەبات چاپکراوە لە ناوەرۆکیدا لە ڕێگەی وێنە و نووسینەوە زانیاری ورد بە خوێنەر دەدات لە بارەی مین و جۆرەکانی و چۆنیەتی پوچەڵکردنەوەیان. (كراسة الألغام و كمائن من المتفجرات،1984)بەمەبەستی خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی نامیلکەیەکی 12لاپەڕەی بە قەبارەی (10،5×16،5)، لە ساڵی 1987چاپکراوە، بە ناونیشانی خۆپاراستن بەرامبەر هێرشەکانی کیمیاوی و میکرۆبی، کە لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانەوە ئامادەکراوە، ئامانج لەم نامیلکەیە هۆشیارکردنەوەی کەوادیر و پێشمەرگە بووە لە چەکی کیمییای و لە ناوەرۆکی دا بە شێوەی وێنە و نووسین ڕوونکردنەوەی تەواوی لەم بارەیەوە داوە، تەنانەت ئەم نامیلکەیە لە بەرگەکەشیدا وێنەی بۆمبارانی کیمیاوی داناوە کە چۆن خەڵکی دوور دەکەونەوە و خۆیان دەپارێزن. (یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان-عێراق، 1987)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڵاوکراوە ئەدەبییەکان: چاپخانەی خەبات سەرەڕای بڵاوکراوە سیاسییەکان گرنگی بەلایەنی هونەری و ئەدەبی داوە چەندین کتێب و نامیلکەی بۆ نووسەر و شاعیرانی کورد چاپ و بڵاوکردووەتەوە، لەوانە: نامیلکەی گوڵبژێرێك بۆ پێشمەرگ و شۆرشگێرانی رێگای ئازادی و سەرفرازی، کە کۆمەڵێك هەڵبەست و هۆنراوەی شاعیری کورد خالد حسامی(هێدی) لە خۆ دەگرێت لە نیسانی 1984چاپکراوە، قەبارەکەی (16×21) و لە 14لاپەڕ پێکهاتووە، هۆنراوەکانی لە ناوەرۆکدا زیاتر شۆڕشگێری و نەتەوایەتین، زیاتر بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی نووسراون، بەرگێکی سادە و ساکاری هەیە و بەرگی پشتەوەشی بەهەمان شێوەیە تەنها نووسراوە گوڵبژێرێك لە شاعیری میللی کورد مامۆستا و هێدی و ڕونکردنەوەی کورت لەبارەی چاپکردنی کتێبەکەوە دراوە، هەروەها لە خوارەوەش نووسراوە لە ساڵی 1984 چاپکراوە لە چاپخانەی خەبات. (حسامی(هێدی)، 1984 : ب.ل).

دوو کتێبی دیکە بۆ هۆزانڤان و شاعیر قادر عەبدولعەزیز ناسراو بە قادر قەچاخ چاپکراوە یەکەمیان بە ناونیشانی (چاوەڕوانی) لە ساڵی1985 چاپکراوە، بە قەبارەی (16×21) و لە 106 لاپەڕ پێکهاتووە کە کۆمەڵێك هۆنراوەی شۆڕشگێری لە خۆگرتووە، لە ناوەرۆکیدا ئەڤینداری و شۆڕشگێری پێکەوە بەستووەتەوە و لە رێگەی هۆنراوەکانییەوە هۆنیویەتیەوە، کتێبکە بەرگەکەی دیزاینکراوە، بە وێنەی پیاوێك لە زینداندایە و لە درەوەش وێنەی ئافرەتێك و خۆرێك لە پشتی سەریەتی کە ئاماژە بۆ چاوەڕوانی و ئازادی(قەچاخ،1985: ب.ل)هەروەها کتێبی دووەم بە ناونیشانی بزاڤە کە ئەمیش بەهەمان شێوە، باس لە خەبات و قوربانیدان دەکات و بەرگەکەی دیزاین کراوە بە چەند جەنگاوەرێکی ئەسپسوار کە پێدەچێت لە شەڕدا بن ئەمەیان لە سالی 1984چاپکراوە، بەهەمان قەبارەی کتێبی پێشوو، بەڵام لە 64لاپەڕ پێکهاتووە، هەردوو کتێبکە بەرهەمی چاپخانەی خەباتە، بە تێڕوانین لەم بلاوکراوانە لە توانای و بەهرەمەندی کارمەندانی چاپخانەکە زیاتر تێدەگەیت.(قەچاخ، 1984:ب.ل) هەروەها دوو شانۆنەمە چاپکراوە یەکەمیان بە ناونیشانی (شالاَوی تاوان)، لە نووسینی (کەمال ڕەئوف هەنجیرە)، کە لە ساڵی 1990 چاپکراوە، بەهەمان قەبارەی کتێبەکانی پێشوو، لە 48 لاپەڕ پێکهاتووە، ئەمیش بەرگەکەی دیزاینکراوە بە وێنەی منداڵێکی کورد کە بە دیار دارو پەردوی رووخاوی گوندەکەیانەوە دانیشتووە.( هەنجیرە، 199: ب.ل). هەروەها شانۆنامەیەکی دیکە بە ناونیشانی نێرگز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و مەرگی هەڵەبجە ڕاگوێز، لە نووسینی قادرۆك کە لە 178 لاپەڕە پێکهاتووە، بەهەمان قەبارەی کتێبەکانی پێشوو، ئەوەی ئەم چاپە جیا دەکاتەوە لەوانی دیکە ئەوەیە لەم چاپەدا ناوی دیزاینەری بەرگی نووسیوە کە عەلی سدیق دروستی کردووە، هەروەها لاپەڕەکانی ناوەوەی نەخشێنراوە، بەشێك لە لاپەڕەکانی بە دەستخەت نووسراوە و لە بەرگی پشتەوەش ئاماژە بە ناوی خۆشنووسەکە کراوە کە کەسێك بووە بە ناوی ستار. هەروەها لەلاپەڕەی یەکەمدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەمە چاپی یەکەمە و لە ساڵی 1990 چاپکراوە، ئەم کتێبە نیشانی دەدات کە چاپخانە پێشکەوتنێکی پتری بەخۆوە دیتووە و هەوڵی داوە لە ڕووی هونەرییەوە چاپێکی و جوانتر و کوالیتییەکی باشتری هەبێت. (قادرۆك، 1990:ب.ل).

چاپخانەی خەبات ئەمانە و دەیان بڵاوکراوەی دیکەی چاپکردووە، توانیویەتی لە مانگێکدا (16) کتێب و نامیلکە چاپ و بڵاو بکاتەوە، ئەمە سەرەڕای بەیاننامەکانی مەکتەبی سیاسی و پۆستەرات وچاپکردنی لیست و فۆڕمی پێویستییەکانی بەشەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی و بلاوکراوەی لق و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، بەهۆی لیهاتویی و توانای کارکردنی چاپخانەوە مەکتەبی سیاسی پارتی بە نووسراوێکی ڕەسمی دەستخۆشی لەسەرجەم کارمەندانی چاپخانە کردووە. (پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، ژمارە37، 1987/6/14

## تەوەری دووەم/ ئینصات

کاتێک باس لە زاراوەی ئینصات دەکرێت، زۆرێک پێیان وایە تەنها بە مانای گوێگرتن دێت. زۆرێک لە زانایان ئاماژەیان بە جیاوازییەکی زۆر کردووە لە نێوان چەمکی ئینصات و چەمکی گوێگرتن، ئینصات چەمکێکی گشتگیرتر و فراوانترە لە گوێگرتن. هەروەها ئینصاتیش بەسەر زیاتر لە جۆرێکدا دابەش دەکرێ.

لە ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ ( Active listening) یانی چالاکگوێگرتن/ گوێگرتنی چاک، ئینصات یەکێکە لە گرنگترین کارامەییەکانی زمان، دوای ئینصات قسەکردن دێت، پاشان خوێندنەوە و نووسین. زانایان هۆکارەکەیان(مەبەستی ئەوەیە بۆچی ئینصات لە سەروو هەمووانەوەیە) گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی ئینصات لە سەرووی لیستی تواناکانی زمانەوەیە. توانای تاک بۆ قسەکردن و نووسین و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێندنەوە بە بەکارهێنانی زمان بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە ئینصات/گوێگرتنێکی چاک بۆ هەر شتێک کە گوێی لێ دەگریت. لە بنەڕەتدا وشەکە وشەیەکی عەرەبییەو لە (الأنصات) عەرەبییەوە وەرگیراوە، ئینصات لە زمانی عەرەبیدا بریتییە لە تەرکیزکردن و تێڕامان و چاودێریکردنی وشە بە وشە بە ڕادەیەکی زۆر گەورە و بوونە گوێی هەموو ئەندامەکانی تری جەستە، کاتێک هەموو جەستە دەبێ بە گوێ، لێرەوە پرەنسیپ و مانا و مەبەستی ئینصات بەدەست دێت. (https://www.almrsal.com)

سەرەتای دروستبوونی ئینصات لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول دا، دەبوو سەرکردایەتی شۆڕش بەبەرداوامی چاودێری بارودۆخی سیاسی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە و جیهان بکات ئەویش لە ڕێگەی گوێگرتن لە ڕادیۆوە، چونکە لەو سەردەمەدا ڕادیۆ خێراترین ڕێگە بوو، بۆ بڵاو بوونەوەی هەواڵ و زانیاریەکان، هەر بۆیەش مستەفا بارزانی ڕێبەری شۆرش بەردەوام چاودێری ڕادیۆی دەکرد، بە تایبەت یەکێك لە هەڤاڵەکانی بە ناوی (مەلا باقی کوێستانی) کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و بەردەوام ڕادیۆیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و گوێی لە ڕادیۆو هەواڵەکان گرتووە، بە زمانی فارسی، بەمەبەستی زانینی هەواڵەکانی جیهان و دواتر بۆ مستەفا بارزانی گێڕاوەتەوە، دەکرێت ئەمە بەسەرەتای دروست بونی ئینصات بدەینە قەڵەم لای پارتی دیموکراتی کوردستان. (حەسەن،2020: 68)

بەڵام دامەزراندنی ئینصات وەکو دامەزراوە و بە شێوەیەکی ڕەسمی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی1969، لەو ساڵەدا بەشی ئینصات (قسم الأنصات) دروستکراوە، کەسێك بە ناوی ئەحمەد جزراوی سەرپەرشتی کردووە، دیارە لەم قۆناغەدا ئەم بەشە سەر بە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووە، کاریان وەرگرتنی دەنگوباسی ڕادیۆ بیانییەکان بووە، بەتایبەت لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەست بوون بەکێشەی کورد و شۆڕشەکەی. (ستونی، 2022: 135)، پاش هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان و بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشی ڕاگەیاندن ڕێکخرایەوە، یەکێك لەو هۆبانەی کە لەم بەشە دروستکرا هۆبەی ئینصات بوو. (أحمد، خەبات، عدد:795، 1996/8/25: 4).

لەسەرەتادا کەسێك بە ناوی تارق زێباری کاری ئینصاتی کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و ڕۆژانە نەبووە، بۆیە کەسێکی دیکە بۆ ئەم کارە ڕادەسپێردرێت ئەویش ناجی ئەرگوشی بووە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێت بە بەرپرسی ئینصات و یەکەم ژمارەی ئینصات بە رەسمی لە 1983/11/1 دەردەکەن، ئیدی لەوە بە دوا رۆژانە بە شێوەیەکی رێك و پێك ئینصات دەردەچێت تاکو دوای راپەڕینش بەردەوام بوو. (ئەرگوشی، 2021/12/15، چاوپێکەوتن)ئەرکی بەرێوەبردنی ئینصات زیاتر لەسەر شانی هەریەکە لە ناجی ئەرگوشی وەکو بەرێوبەر و رزگار مائی و فەرەیدون کەرکوکی بووە. (بارزانی، 2021: 31).
بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ژمارەیەکی زۆر لە کادیر لەم بەشـــە کاریان کردووە، بەڵام هەندێکیان بە شـێوەیەکی پچڕ پچڕ بووە، یان ماوەیەك کاریان کردووە و پاشـان رۆیشـتوون، ئەوانیش بریتین لە: محمد سـەعدون گۆران، کەریم کادر، مام دژوار، یونس صالح گولی، مەلا جەمال، سـەعدوڵلا هروری، حەسەن نوری، صالەح مەسیفی، خانی هەژار موکریانی، وریا ناجی بەگ، رزگار سەعید عەبدولکەریم کلێتی. (بەیاننامەی دەزگای ئینصـــات مەرکەزی، 1997/10/31)، کارمەندانی ئینصـــات رۆژانە لە کاتژمیر 11و 12 نیوەرۆوە کارەکانیان دەســـتی پێدەکرد، بەر لە دەســـتپێکردنی کار، کەل و پەلی پێویســت ئامادە دەکرا، کە ئەوانیش بریتی بوون لە رادیۆ و ئامێری تەسـجیلکردن، قەڵەم و کاغەز و هەروەها کاربۆن بەمەبەســـتی لەبەرگرتنەوە (کۆپی)، رۆژانە لەکاتی دیاری کراودا گوێ لە هەواڵی رادیۆکانی، لەندەن، مۆنتیکارلۆ واشـنتن تاران، بەغداد، ئەوانە بە عەرەبی و فارســی، هەروەها گوێ لە رادیۆ ناوخۆییەکانیش دەگیرا، بە تایبەت هی حزبەکانی یەکێتی، شـیوعی، ئەمانە رۆژانە هەواڵە گرنگەکان تەسجیل دەکرا، دواتر رێکدەخرا و دەنووسرایەوە، بە چەند نووسخەیەك کۆپی دەکرا، ئەم کارە تاکو درەنگانی شەوی دەخایاند، بەیانیان زوو پێشکەش بە سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی دەکرا دواتر بۆ دەزگاکانی دیکەی پارتی دەنێردرا، تەنانەت هەندێك جارە بۆ حزبە ســیاســییەکانی دیکەش نووسـخە دەنێردرا، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی بە سـەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرا بۆ هەواڵەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان. (ئەرگوشی،2021/12/15، چاوپێکەوتن)
ئینصات رۆژانە بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی دەردەچوو (بەیاننامە، 2002/11/29) ئەو کەسانەی کاریان دەکرد دەبوو لە رووی زمانەوانییەوە شارەزاییەکی باشیان هەبووایە بە تایبەت لە زمانـەکانی عـەرەبی و فـارســی تـاکو بـە وردی گوێ لـە هـەواڵـەکان بگرن و لێیـان تێبگـەن. (ئەرگوشـــی،2021/12/15، چاوپێکەوتن)، ســـەرەڕای ئەوەش ئەو کەســـانەی ئەم کارەیان دەکرد دەبوو خاوەن رۆشـنبیرییەکی گشـتی بوونایە و شـارەزاییەکی باشـیان لە فەرهەنگی سـیاسـیی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاگاداری ڕووداوە جیهانییەکان بوونایەو هەروەها دەبووایە زانیارییان لە بوارەکانی جوگرافیایی وڵاتان و ئابووری فیکر و شارستانیەت و هەروەها ڕادیۆ و ئەو تەشویشانە هەبووایە کە دەخرایە سەر ڕادیۆکان، ئاگادار بوونایە لە کاتی دروست بوونی تەشویش، نەبادا هەواڵەکانیان لە دەست بچووبووایە، (بەیاننامە، 2002/11/29)، کارمەندانی ئینصات ڕۆژانە کاری خۆیان ئەنجام دەدا، بەڵام هەندێك جاریش ئەگەر هەواڵێکی تایبەت هەبووایە سەرکردایەتی یان سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاگاداری دەکردنەوە تاکو بە تایبەت گوێ لەو هەواڵە بگرن و بۆیان بنووسنەوە، وەکو لە یەکێك لەو نامە دەستنووسانەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەکەوێت کە بۆ بەرپرسی ئینصاتی ناردووە، لە ڕیککەوتی 1986/1/7 داوا دەکات گوێ لە ڕادیۆی لەندەن بگرن تاکو بزانن چی لە بارەی کورد و شۆڕشەکەیەوە دەڵێن، (دەستنووسی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان. 1986/1/7.)

دیسان لە نامەیەکی دیکەدا داوا دەکات نامەیەکی سەدام حسێنی سەرۆکی عێراق، کە بۆ شای ئوردنی ناردووە، تۆماری بکەن و بینووسنەوە. (دەستنووسی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان).

ئینصات سەرەڕای ئەوەی پێویستی بە گوێگرتنێکی تەواو هەبوو، هاوکات دەبوو بە دەست و خەتێکی جوان بنووسرێتەوەو لاپەڕەکانی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ڕێکبخرێت و ڕیزبەندی بۆ هەواڵەکانی بکرێت، لێرەدا چەند نموونەیەك لەو ئینصاتانە دەخەینە ڕوو کە ئامادەکراوون، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی لە 11 لاپەڕ پێکدەهات، لە لاپەڕەی یەکەمدا بە شێوەی بەرگ ڕێکخراوە، لەسەرەوەی لاپەڕەکەدا بە زمانی عەرەبی نووسراوە (قسم الأعلام-الأنصات/ نشرة خبرية يومية) لە ژێری ژمارەی ساڵەکەی نووسراوە بە نموونە ئەو ژمارەی لەبەر دەستی ئێمەیە ژمارەی ساڵەکەی بە زمانی عەرەبی نووسراوە، نووسراوە (السنة الرابعة) هەروەها ژمارەکەی (العدد) هەروەها ڕۆژی دەرچوونەکەی نووسراوە، هەموو ئەمانە بە زمانی عەرەبی نووسراون. (قسم الأعلام-الأنصات/ نشرة خبرية يومية، العدد1271، 1987/7/3)

لاپەڕەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ گرنگترین ڕادیۆکانی جیهان بە نموونە ڕادیۆی لەندەن، لەسەرەوەی هەواڵەکە ناوی ڕادیۆکە نووسراوە کە لێی وەرگیراوە، دواتر بە چەند دێڕێك سەردێڕی هەواڵەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نووسراوەتەوە، پاشان لە خوارەوە درێژەی بابەتەکە وەرگیراوە، لەم ژمارەیەدا جگە لە ڕادیۆی لەندەن چەند ڕادیۆی و ڕۆژنامەیەکیش وەرگیراوە لەوانە: ڕادیۆی بەغداد، ڕادیۆی ئیسرائیل، جريدة الصباح وادیارە ناوەرۆکی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕادیۆی بەغداد خوێندراوەتەوە، ڕادیۆ BBC، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. (قسم الأعلام-الأنصات/ نشرة خبرية يومية، العدد1272، 1987/7/4).

پێدەچێت بە پێی گرنگی هەواڵی ڕادیۆکان، هەواڵەکانیان تۆمار کردبێت چونکە لە ژمارەیەکی دیکەدا ڕادیۆکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، لەم ژمارەیەدا هەواڵەکانی ڕادیۆکانی مۆنتیکارلۆ، دەنگی ئەمریکا،دەنگی عێراق، دەنگی ئەڵمانیا، وەرگیراون. (قسم الأعلام-الأنصات/ نشرة خبرية يومية، العدد1273، 1987/7/5).

ئینصات بەردەوام بووە لە کارکردن و ڕۆژانە بەبەردەوامی هەواڵەکانی خۆی ئامادەکردووە، لە ماوەی دەستبەکاربوونی تاکو ڕاپەرین تەنها یەکجار بۆ ماوەیەك وەستاوە ئەویش لە کۆتایی ساڵی1984تاکو هاوینی 1985 ئەمەیش بەهۆی گواستنەوەی بارەگای ڕاگەیاندن بۆ کێلەشین لە باشووری کوردستان، بەهۆی خراپی بارودۆخ و سەختی زستانی ئەو ساڵە، ئیدی لە پاش ئەوە کەوتۆتەوە کارکردن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك، لە پاش ڕاپەڕینیش بەردەوامییان بە کارکردنی خۆیانداوە بەڵام بەشێوەیەکی پێشکەوتوتر. (ئەرگوشی،2021/12/15، چاوپێکەوتن)

**تەوەری سێیەم/ ئەرشیف و کتێبخانە**:

وشەی ئەرشیف، لە بنەمادا وشەیەکی یۆنانییە و لە (archion یان arche)ەوە وەرگیراوە, واتای پەڕاو(کاغەز)دێت. بەڵام لەڕووی ماناوە بە شوێنی مانەوەی قازی و نووسینگەی گشتی دێت. فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)ی ئینگلیزی وشەی خانەی بەڵگەنامە بەوە لێکدەداتەوە، کە شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی بەڵگەنامە و نووسراوە بەهادار و مێژووییەکان. (بوکحول،2013: 16)

ئەرشیف گوزارشتە لەو پەڕاو و نووسراوانەی کە لە شوێنێکی دیاریکراودا بە مەبەستی پاراستن لە لایەن بەڕێوەبەر و کەسانی تایبەتمەند و دەستەی گشتی و تایبەتەوە هەڵدەگیرێن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەست بە گرنگیی و بایەخی بەڵگەنامەکان دەکەن. (قالن،1990: 26)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوڵدان بۆ بە ئەرشیفکردنی دوکیۆمینتەکانی پارتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و دامەزراوە نەبووە، بە تایبەت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، هەوڵی جددی هەبووە، لە ئێستادا دەبینی دەیان کتێب و بڵاوکراوە لە بارەی شۆڕشی ئەیلوول چاپ و بڵاوکراونەتەوە، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەرئەوەی ئەرشیف هەبووە، بەڵام پچڕ پچڕ بووە، لە پاش نسکۆی شۆڕش هەریەکەی کەوتۆتە لای کەسێك.

لە پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان و دەرکردنی ڕۆژنامەی خەبات، یەکێك لەو کارانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بیری لێکردووەتەوە پاراستنی ئەرشیفی خۆی بووە، لەم بارەیەوە غازی زێباری دەڵێت: (پشتمان بە شەهید سەلیم کورکی دەبەست بۆ شاردنەوەی کەرەستەکان، هەروەها هەر ئەو شوێنی ئەرشیفی ڕۆژنامەکەی دەزانی، بۆیە دەبووایە لەگەڵ چاپکردنی هەر ژمارەیەکی نوێ هانامان بۆ ئەو ببردایە، لە ئەگەری گۆڕینی شوێنی شاردنەوەی کەرەستەکان لەبەر مەترسی دەستبەسەرداگرتی لەلایەن دوژمنەوە. (زیباری، خەبات، عدد918، 1999/4/2: 9) کەواتە بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەم هەنگاوی پاراستنی ئەرشیف بووە لە سەردەمی شۆڕشی گوڵاندا، بەڵام دواتر پاش بەستنی کۆنگرەی نۆیەم، هۆبەیەکی تایبەت بە ئەرشیف کرایەوە. (أحمد، خەبات، عدد:795، 1996/8/25. 4). پاش کردنەوەی هۆبەی ئەرشیف بۆ ماوەیەك ئەرشیفەکە تەسلیمی دەستی تۆفیق سەلیم کراوە، لەم بارەیەوە تۆفیق سەلیم دەڵێت: (منیش فەترەیەك لە ئەرشیف بووم، بەڵام ئەرشیفم داخستبوو، لە ناو سندوق بوو، لە ناو مەکتەبە، کە لە پشت چاپخانە بوو، پاشان کە هاشم هات ئەرشیفمان دا بە هاشم. دەمانگوت کەس نەیەتە ژوورەوە، جارێك حەمە ساڵح جومعە ئەندامی مەکتەب سیاسی بوو، د. ڕۆژ ئەندامی مەکتەب سیاسی بوو، موقەدەم عەزیز ئاکرەیی ویستیان بێنە ژوورێ، گووتمان عەبدوڵڵا کەس نەیەتە ژوورێ، گووتی من عەبدوڵڵام، گووتم دەزانم، دەزانم، بەڵام کەس نەچێتە ژوورێ، ئیللا بە کاغەزی کاك ئیدریس. ئەرشیفی قیادەی موئەقەتەی هەموو تێدابوو، چەند قورس و شتی تری تێدابوو، ئەرشیفی بارزانی نەمری تێدا بوو، هەموو نووسراوەکانی تێدابوو، پارێزراوبوو.) (سەلیم،2022/1/9. چاوپیکەوتن) بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی هۆبەی ئەرشیف لە 1983/11/24، ئەرشیف کراوەتەوە و هاشم ئاکرەیی بووەتە بەرپرسی ئەرشیف، (ئاکرەیی2022/4/11. چاوپێکەوتن)

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەرشیف لە سەر هاشم ئاکرەیی وەکو بەرپرس و هەمزە ڕەشید بووە کە وەکو کارمەند کاری کردووە. (بارزانی، 2021 ، ل31). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ماوەیە دوو کەسی دیکەش لە ئەرشیف کاریان کردووە ئەوانیش کەمال ئامێدی و کەسێکی دیکە بە ناوی غەفور کەخەڵکی دەڤەری سیدەکان بووە. (ئاکرەیی2022/4/11. چاوپێکەوتن)، کاری سەرەکی ئەرشیف دیکۆمێنت کردنی سەرجەم چاپەمنەییەکان بوو، هەر شتێك لە چاپخانە چاپ بکرابووایە، دوو دانەیان دەدرا بە ئەرشیف، هەروەها لە ڕێگەی هۆشیار زێبارییەوە زۆرێك لە چاپەمەنییەکانی دەرەوە دەنێردرایە ئەرشیف و هەڵدەگیرا، لە ناوخۆی کوردستانیش زۆرێك لە رۆژنامە و بڵاوکراوەی حزب لایەنەکانی دیکە ئەرشیف کراون و هەڵدەگیران، لەم ڕووە فەلەکەدین کاکەیی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە و نووسخەی زۆرێك لە بەڵگە نامە و دیکۆمێنتەکانی بەرەی کوردستانی داوە بە ئەرشیف. سەرەڕای ئەمانە کۆنووسی کۆبوونەوەکان و بەیاننامە و بەلاغاتی پارتی و هەتا هەندێك کاسێتی ڕادیۆی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لەم ئەرشیفەدا پارێزراون و هەڵگیراون، ئەرشیفەکە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بە شێوەی فایل فایل لێکدی جوداکراونەتەوە و هەڵگیراون، لە ترسی بۆمبابارانی فرۆکە و ترسی لە ناوچوونی ئەرشیفەکە زۆرجار لە ژێر زەوی و لە ناو سندوقی تایبەت هەڵگیراوە. (ئاکرەیی2022/4/11. چاوپێکەوتن)

ئەرشیف مۆری تایبەت بەخۆی هەبووە، هەر چاپەمەنییەکیان ئەرشیف بکردایە مۆری ئەرشیفییان لێداوە، مۆری ئەرشیف ڕەنگی سوور بووە، شێوەی لاکێشەیی بووە، لە سەرەوەی نووسراوە ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان/1946، لە ناوەڕاستیش کورتکراوەی پیتەکانی ناوی پارتی بە زمانی ئینگلیزی نووسراوەو، هەروەها لە ژێرەوەش هەمان نووسراوی یەکەم بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە، مۆر لە بەرگی پێشەوە یاخود لاپەڕەی یەکەم دراوە هەندێك جاریش لەبەرگی پشتەوەشی دراوە هەڵبەت ئەمە ئەوە نیشان دەدا چەندە گرنگی بە ئەرشیف دراوەو مۆری تایبەتی هەبووە تاکو بناسرێتەوە و کتێب و چاپەمەنییە ئەرشیف کراوەکان لە فەوتان و لە ناوچوون بپارێزرێت. (مۆری ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان)، دەبێت ئەوە بڵێین زۆرێك لەو دیکۆمێنت و بەڵگە نامە و بڵاوکرانەوەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە لە ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراون.

**کتێبخانە/** بەشێکی دیکە بووە لە ناو ئەرشیف زۆرێك لەو کتێبانەی کە لە لایەن چاپخانەی خەباتەوە چاپکراون و نووسخەیان لەم کتێبخانەیەدا هەبووە، هەروەها هەندێك جار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کتێبی پێشکەش بە کتێبخانەکە کردووە، تائیستاش لە کتێبخانەکە پارێزراوە و ماونەتەوە یەکێك لەو کتێبانەی کە پێشکەشی کتێبخانە و ئەرشیفی کردووە فەرهەنگێکی فارسی ئینگلیزیە، بە ناونیشانی (فرهنگ کامل انگلیسی فارسی) لە نووسینی دکتۆر عەباس اریانپور کاشانی بووە، کە بەدەست و خەتی خۆی لەسەری نووسیوەو پێشکەشی مەسعودبارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە، ئەویش داویەتی بە کتێبخانە و تا ئێستا پارێزراوەو لە کتێبخانەکە ماوەتەوە. (کاشانی، 1329).

سەرەڕای ئەمانەش وەکو لە هەندێك دیکۆمێنتدا دەردەکەوێت لەلایەن بەشی دارایی پارتییەوە بڕە پارەی تایبەت تەرخان کراوە بۆ کڕینی کتێبی پێویست بۆ کتێبخانەکە یەکێك لەو نمونانە بڕی (204,250)دووسەد و چوار دینار و دووسەد و پەنجا فلس،خەرجکراوە بۆ کەسێك بە ناوی صاڵح مەحمود بارزانی، بەمەبەستی کڕینی (23) کتێب بۆ کتێبخانە، (پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی، ژمارە:932د، 1988/4/17.)

هەر بەهەمان شێوە جارێکی دیکە بۆ هەمان کەس بڕی(581,500) پێنج سەد و هەشتا و یەك دینار و پێنجسەد فلس، تەرخانکراوە بۆ کڕینی کتێب بۆ کتێبخانە.(پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی، ژمارە:1688د، 1988/7/13).لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە خراپترین دۆخدا پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخی بە کتێبخانە و ئەرشیفی خۆی داوە.

## ئەنجام

1. پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول گرنگی بایەخی تایبەتی بە ڕاگەیاندن داوە، چونکە بە هۆکارێکی گرنگی بینیوە بۆ ورەدان بە پێشمەرگە و گەیاندنی پەیامە شۆڕشگێڕییەکانی خۆی.
2. پارتی لە پاش بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی خۆی بایەخی زیاتری بە ڕاگەیاندن داوە، هەوڵی داوە ڕاگەیاندنەکەی بە دامەزراوەیی بکات، بەشی ڕاگەیاندنی دابەشی چەند هۆبەیەك کردووە، تاکو بتوانێت لەسەرجەم بوارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. ڕاگەیاندنی پارتی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا و بووەتە دەنگی پێشمەرگە و ورەی جەماوەری بەرز کردووەتەوە.
4. دەتوانین سوودێکی ئێجگار باش لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پارتی وەربگرین، وەکو سەرچاوەیەکی مێژووی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئەو کاتی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە

1- پارتی دیموکراتی کوردستان- مەکتەبی سیاسی-بەشی ڕاگەیاندن- بریار، ژ3060، 1983/11/3.
2- پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، مەکتەبی سیاسی- بەشی ڕاگەیاندن، بۆ هەمو هەڤاڵانی چاپخانەی خەباتی تێکۆشەر، ژمارە37، 1987/6/14
3- پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی- بەشی دارایی بۆ بەشی ڕاگەیاندن، ژمارە969، 1990/9/3
4- پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی- بەشی دارایی بۆ بەشی ڕاگەیاندن، ژمارە1294، 1990/12/27.
5- پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی- بەشی دارایی بۆ بەشی ڕاگەیاندن، ژمار366، 1991/4/14.
6- پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی-بەشی دارایی-بۆ/محاسبی بەشی دارایی تێکۆشەر، ژمارە:932د، 1988/4/17.
7- پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی-بەشی دارایی-بۆ/محاسبی بەشی دارایی تێکۆشەر، ژمارە:1688د، 1988/7/13.
8- پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، چاپخانەی خەبات، کانونی دووەمی 1990.
9- دەستنووسی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ناجی ئەرگوشی بەرپرسی ئینصات. 1986/1/7
10- دەستنووسی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆانصات.
11- ڕاپۆرتی بەشی ڕاگەیاندن بۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەرێزی پارتیمان، 1990/12/30.

12- زۆربەی ڕاپۆرتی گشتی م.س، بۆ کۆبونەوەی دەوری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، 1981/7/22.

13- مۆری ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان ( وێنەی مۆرەکە لای توێژەر پارێزراوە)

**دووەم: نامەی ماستەر و دکتۆراکان**

1- امال بوکحول، وسائل البحث الاداريه في الارشيف, رسالة ماجستير, جامعة قسنطينة، قسم التقنيات الارشيفية: الجزائر،2013.

2- حەسەن، ئارەزوو یوسف، ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکان لە بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد (1975-1991) (پ.ك.ع))، (پ.د.ك)، (ی.ن.ك) وەکو نمونە. توێژینەوەیەکی مێژوویە. ماستەر نامە(بڵاونەکراوە)، هەولێر، 2015.

**سێیەم: پەرتوکە کوردییەکان**

1- ئەحمەد، نەوزاد عەلی، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا1961-1991، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی،2005.

2- بارزانی، مەسعود، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، بەرگی چوارەم 1975-1990، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر،2021.

3- حسامی(هێدی)، خالد، گوڵبژێرێك بۆ پێشمەرگە و شۆرشگێرانی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی، چاپخانەی خەبات، نیسانی 1984.

4- حەسەن، شەوکەت مەلائیسماعیل، نووسین و شیکردنەوەی جفرە، چاپخانەی هەژارموکریانی،2020.

5- ساڵح، ئازاد عوبێد، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2007.

6- ستونی، عەبدوڵا رەمەزان، بێتەل و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا 1961-1975، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، 2022.

7- قادرۆك، نێرگز و مەرگی هەڵبجە ڕاگوێز، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، 1990

8- کاکەیی، فەلەکەدین، کۆ بەرهەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،2015.

9- قەچاخ، بزاف، چاپخانەی خەبات،1984.

10- قەچاخ، چاوەڕوانی، چاپخانەی خەبات،1985

11- کەمال ڕەؤوف هەنجیرە، شاڵاوی تاوان، چاپخانەی خەبات، 1990.

**چوارەم: پەرتوکە عەرەبییەکان**

1- احمد، صابر علی، مسيرة العمل الجبهوی للحزب الديمقراطی الكردستانی- العراق1975-1988، مطبعة خەبات، حزيران1988.

2- قالن، بتيرة، معجم المصطلحات الارشيفية أنجلزی عربي، الدار العربية للعلوم: بيروت،1990.

3- شاوەيس رزگار نوری، رزگاری ثم خەبات لسان الحزب الديموقراتی الكردستانی 1946-1998، من منشورات برايەتی- خەبات، 1998.

**پێنجەم:پەرتوك بە زمانی فارسی**

1-كاشانی، عباس اريانپور ، فرهنگ كامل انگليسی فارسی،جلد اول، مؤسسة انتشارات، اميركبير.1329.

**شەشەم: بەياننامە و بڵاوكراوەكانی پارتی ديموكراتی كوردستان**

4- بەياننامە، بەبۆنەی 20مۆمی داگيرساو(6889) پەخشنامە، 2002/11/29

5- بەياننامەی دەزگای ئينصات مەركەزی لە 15مين ساڵيادی دامەزراندنی دەزگای ئينصات دا، 1997/10/31

6- يەكێتی قوتابيان و لاوانی ديموكراتی كوردستان-عێراق، مەكتەبی سكرتاريەت بەشی سوپايی، خۆپاراستن بەرامبەر هێرشەكانی كيمياوی و ميكرۆبی، چاپخانەی خەبات، 1987.

7- ئەلغام و كەمائنی موتەفەجيرات، چاپخانەی خەبات،1985

8- بيان الحزب الديمقراطی الكردستانی، القيادة المؤقتة، 1975/12/10.

9- قسم الأعلام-الأنصات/ نشرة خبرية يومية، العدد1271، 1987/7/3

10- قسم الأعلام-الأنصات/ نشرة خبرية يومية، العدد1272، 1987/7/4

11- قسم الأعلام-الأنصات/ نشرة خبرية يومية، العدد1273، 1987/7/5

12- قسم اعلام فی المكتب السياسی للحزب الديمقراطی الكردستانی-العراق، من جرائم القتل العام فی كردستان- العراق عام1988، مطبعة خەبات، شباط1989

13- قسم اعلام فی المكتب السياسی للحزب الديمقراطی الكردستانی-العراق، وثائق عن محنة شعب كردستان- العراق، مطبعة خەبات ئەيلول1988

14- من جرائم القتل العام فی كردستان- العراق عام1987، مطبعة خەبات، نيسان 1988

15- كراسة الألغام و كمائن من المتفجرات، مطبعة خەبات.1984

16- المنهاج و النظام الداخلی، للحزب الدمقراطی الكردستانی- العراق-، اقره المؤتمر التاسع للحزب المنعقد فی تشرين الثانی1979.

17- وثائق الجبهة الكردستانية العراقية، مطبعة خەبات، أيار1988.

**حەوتەم: رۆژنامەو گۆڤارەکان**

3- أحمد، علی، لمحة من كفاح الپارتی1979-1989 وحتی الانتفاضة التأريخية1991، خەبات، جريدە، عدد:795، 1996/8/25.
4- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتوخوازدا، خەبات، ڕۆژنامە، ژ:3481، 2010/5/26.
5- زێباری، غازی ، تجربتی مع جريدة (خەبات) فی بدايات ثورة أيار المجيدة، خەبات، جريدة، عدد918، 1999/4/2.
6- سالم، جوهر نامق، (خەبات) كانت الزاد والسلاح، كانت تعنی كوردستان و الشعلة التی تنير الدرب، خەبات، جريدە، عدد918، 1999/4/2.
7- سەلیم، تۆفیق ، خەباتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە شاخ، خازر، گۆڤار، ژمارە37، تەموزی 2010.
8- مەموزینی، سەعید، ڕۆڵی چاپخانەی خەبات لە ڕۆژنامەوانی شاخ دا، مەیتن، گۆڤار، ژ:101، 200دهۆك.
9- عبدولڕەحمان، سامی ، شۆڕشی گوڵان ورەی خەڵکی بەرز کردەوە و ئیسپاتی کرد کورد میللەتێکە کۆڵنادات. گوڵان گۆڤار، ژمارە75، 1996/6/1.

**هەشتەم: چاوپێکەوتنەکان**

1- ئاکرەی، هاشم ئاکرەیی2022/4/11. ناوی تەواوی هاشم ئەحمەد حەسەنە لە گوندێکی نزیك ئاکرێ لە دایك بووە، لە ساڵی1946، لە سالی 1966 بووەتە ئەندامی پارتی و دواتر بووەتە کارەباچی لە شۆڕشی ئەیلول، لە پاش هەڵگیرسانەوەی شۆرشی گوڵان بووەتە بەرپرسی ئەرشیف لە ساڵی1983و تاکو ئێستا بەردەوامە و بەرپرسی ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کودرستانە.
2- سەلیم، تۆفیق،2022/1/9. ناوی تەواوی تۆفیق سەلیم مستەفا لە دایکبووی ساڵی 1953 لە ئاکرێ، ساڵی 1973بووە بە پێشمەرگە لە هێزی حەمرین، لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول چووەتە ئێران، پاش کۆنگرەی نۆیەمی پارتی ماوەیەك بووە بە کارگێری لقی4ی سلێمانی، دواتر گواستراوەتەوە بۆ چاپخانەی خەبات و لە ساڵی 1983 بووە بە ڕێوبەری چاپخانەکە تا ساڵی 1993. ئێستاش لە ئاکرێ دادەنیشێت و بەردەوامە لە کاری پارتایەتی.
3- ئەرگوشی، ناجی، 2021/12/15. ناوی تەواوی (ناجی سەعید ئەرگوشی) لە ساڵی 1946 لە ئێران لە ئاوارەیی لەدایك بووە، لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئێران جارێکی دیکە ئاوەری ئێران دەبن، لە ساڵی 1983دەبێتە بەرپرسی ئینصات، تاکو پاش ڕاپەڕین لەم ئەرکە بەردەوام دەبێ، ئێستاش ئەندامی سەنتەری دیراساتی پارتی یە، لە مەسیف دادەنیشێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- غەفور، د. ناسیح، 2021/12/13. ناوی تەواوی ناسیح غەفور ڕەمەزان، لە ساڵی 1948 لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، نازناوی نووسین، ن.بێباك، بووە لە سەردەمی خەباتی شاخ، لە شۆڕشی ئەیلول مامۆستای شۆرش بووە، لە ساڵی 1970 شۆڕشی ئەیلول ناردویەتی بۆ خوێندن لە یەکێتی سۆڤیەت، پاش تەواوکردنی خۆێندنی دکتۆرا لە ساڵی 1980 گەڕاوەتەوە کوردستان و چووەتە بەشی ڕاگەیاندن، وەکو ئەندامی بەشی ڕاگەیاندن بەردەوامە بووە تا ڕاپەرین، پاش ڕاپەرین بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ماوەیەکیش وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئێستاش لە شاری هەولێر دادەنیشێت.
**نۆیەم: ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**،https://www.almrsal.com / بەرواری سەردانی کردن 2022/7/16.

## Announcement of Kurdistan Democratic Party (KDP) 1976-1991

**Prof. Dr. Muhammed kaka Sur**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
makakasur@yahoo.com

**Regr Bahadin Sharif**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Hogr.bahadin@gmail.com

***Keywords**: Media, Insat, Printing House, Kurdistan Democratic Party, Archive*

## Abstract
The period 1976-1991 is an important period in the history of the Kurdistan Democratic Party (KDP), especially due to the collapse of the September Revolution and the revival of the May Revolution The publications of the Kurdistan Democratic Party (KDP) can be relied upon as a historical source for researching the historical events of that period.
This research consists of a gate and three topics. In the door, we have focused on the media institution that has been in the media department of the Political Bureau of

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

the Kurdistan Democratic Party (KDP) since 1979. He has seen PKK newspapers and publications, and has published several books and pamphlets. The second topic is about the Intelligence Department. At this stage, Insat has had a special importance for monitoring the local and international media. We have discussed this department and its work in detail. The third topic is about the archives and library of the PKK and its work, the importance of the department and the people who worked in this department, we have presented.

## إعلام الحزب الديمقراطي الكوردستاني في الفترة من 1976 حتى 1991.

**ملخص**

تعد الفترة من 1976 حتى 1991 فترة مهمة في تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني, خاصة بعد نكسة ثورة ايلول وإندلاع ثورة گوڵان، في هذه المرحلة كان للنضال الثوري والصحافة والاعلام دور خاص ومهم, وشهدت هذه المرحلة العديد من الاحداث التأريخية. وتركت الاحداث التأريخية في هذه المرحلة انعكاسة عميقة على الصحافة والاعلام للحزب الديمقراطي الكوردستاني, ممكن الاعتماد عليها من قبل منشورات الحزب الديمقراطي الكوردستاني كمصادر تأريخية والاعتماد عليها للبحوث والتحقيقات للاحداث التأريخية في تلك المرحلة. هذا البحث يتكون من باب و ثلاثة محاور, سلطنا فيه الضوء على المؤسسة الاعلامية التي وجدت نفسها بعد عام 1979 في القسم الاعلامي للمكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني, ففي المحور الاول تحدثنا عن مطبعة (خەبات) التي كان لها دور مهم في طبع الصحف والنشرات للحزب الديمقراطي الكوردستاني, فضلا عن طبع العديد من الكتب والكراسات. المحور الثاني يخص شعبة (قسم) الانصات, حيث حظي الانصات في تلك المرحلة بأهمية خاصة لمتابعة الاعلام المحلي والدولي, حيث سلطنا الصوء بدقة على هذا المحور ومهامه. والمحور الثالث مخصص للارشيف ومكتبة الحزب ومهامه, حيث سلطنا الضوء على اهمية هذا القسم والعاملين فيه.